# دەربارەی پەرتووکی

# «لەودیو پرەنسیپی چێژەوە»ی فرۆید

ژان-میشێل کینۆدۆز

وەرگێڕانی لە ڕووسییەوە: عەلی ئەحمەد

## ساڵانی 1920: وەرچەرخان لە بیرکردنەوەی فرۆیددا

لە ساڵی (1920)دا وەرچەرخانێکی گرنگ لە بۆچوونەکانی "زیگمۆند فرۆید"دا دەربارەی کارکردی دەروون ڕوودەدات. ئەو پێشتر کاری بە مۆدێلی «پرەنسیپی چێژ/ناخۆشی [ناچێژ]» دەکرد، ـــ بەو شێوەی کە لە عوساب (نیوروسیس)دا تێبینی دەکرێت: کەسی عوسابی (نیوروتیک) بەهۆی سیمپیتۆمەکانی (نیشانەی نەخۆشی) خۆیەوە ئازاردەچێژێت، هەوڵدەدات لە ناخۆشی دووربکەوێتەوە و بەردەوام داوای ئالیکاری لە دەروونشیکار دەکات بۆ ئەوەی لەم ناخۆشییە ڕزگاریبکات و دووبارە خۆشی ژیان بگەڕێنێتەوە. لێ پێویستە ئەوە ڕابگەیەنین کە پراکتیکی کلینیکیی زۆر جار ناکۆکە بە پرەنسیپی چێژ: لە ڕاستیدا، چۆن ڕوونی بکەینەوە، بۆ نمونە، کە هەندێ لە نەخۆشەکان ناتوانن سیمپتۆمەکانی خۆیان هێوربکەنەوە و ئەو کاتەی کە دەبێت چاکببنەوە، ئەزموونی گەڕانەوەی سیمپتۆمەکان دەکەن؟ چما نەخۆشەکانی دیکە بە ناچاری ئەو حاڵەتە تراوماییانە بەرهەمدەهێننەوە کەوا بە ئازارەکانی خۆیانەوە بەستراون؟ ئەی چۆن مازۆخیزم یان سادیزم ڕوونبکەینەوە، واتە چێژوەرگرتن لە ئازار [ژان] یان بوون بە هۆکاری ئازار؟ دواجار لە کوێوە وێرانکاری نەخۆشە خەمۆکییەکان، تووشبوانی مادە هۆشبەرەکان، لادەر و دەروونپەشێوەکان سەرهەڵدەدات کە هەندێ کات دەگاتە ئەوپەڕی مەترسی؟

فرۆید لە کارەکەی خۆی «لەودیوی پرەنسیپی چێژەوە»دا پێشنیاری گریمانەیەکی تازە دەکات: کارکردی دەروونی تاکەکەس لەلایەن ململانێییەکی قووڵتر لە پرەنسیپی چێژ/ناچێژەوە بەڕێوەدەبرێت: ئەویش ململانێیەکی بنەڕەتییە لە نێوان غەریزەی ژیان و غەریزەی مەرگ [یان، پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ]دا. بە بۆچوونی وی غەریزە [پاڵنەر]ی مەرگ لە پێویستیەکی بایۆلۆژییانەی هەر زیندەوەر (ئۆرگانیزم)ێکەوە کە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ دۆخە نائۆرگانییە بنەڕەتییەکەی خۆی، سەرهەڵدەدات؛ هاوکات غەریزەی مەرگ، یان غەریزەی وێرانکاری لەلایەن غەریزە [پاڵنەر]ی ژیان ـــ ئیرۆسەوە کە بەشێکی لیبیدۆیە، بەرهەڵستی دەکرێت. بێگومان پرەنسیپی چێژ گرنگی خۆی دەپارێزێت، لێ بۆ ئەوەی بە ساخ و سەلامەتی دەرچێت، پێویستە غەریزەی ژیان بتوانێت لانیکەم بەشێکی غەریزەی مەرگ دامرکێنێتەوە. فرۆید لە ساڵی (1920)دا ئەم گریمانەیە وەکو خەمڵێنراوێکی پەتی پێشنیاردەکات، لێ سەرەنجام واتای زۆرتری پێبەخشی و لەم گریمانەوە بەرەنجامی دیکەی ڕاکێشا. فرۆید لە ساڵی (1923)دا ئەوەر پێشاندا: کاتێک لەم ململانێییەدا غەریزەی مەرگ زاڵ دەبێت، ڕەگەز (پێکهێنەر)ی وێرانکاری بەرەو سەرەوە هەڵدەکشێت؛ بە پێچەوانەشەوە، کاتێک غەریزەی ژیان بەهێز دەبێت، ڕەگەز (پێکهێنەر)ی وێرانکاری دادەمرکێتەوە و شەڕەنگێزیش خۆی لەنێو خولیا و بەرژەوەندییەکانی ژیان و ئیگۆ (من)دا بەکاردەهێنێت.

کاتێک ئێمە دەربارەی «وەرچەرخانی ساڵانی 1920» دەئاخفین، ئەوا تەنێ مەبەستمان ئەو ساڵە نیە کە تێیدا فرۆید ململانێ بنەڕەتییەکەی ناڤبەری غەریزەی ژیان و غەریزەی وێرانکاری دۆزیویەتەوە، بەڵکو مەبەستمان ئەو

کۆنسێپتە تازانەشە کە لە ماوەی ساڵانی دواتردا لەلایەن ئەوەوە شێوەگیربوون. لە کاتی قسەکردن دەربارەی بیرۆکە نوێخوازەکانی ئەو ماوەیەدا، پێویستە ئاماژە بەو گرنگییە بکەین کە فرۆید دەیدا بە کاریگەرییە سۆزەکییەکانی خۆشەویستی و ڕق، هەڤدژی هەستەکیی (ambivalence)، پەیوەندییەکانی ئوبێکت (object-relations)، پرۆسەکانی هاوشوناسبوون (identification)، هەروەهاش بە هەستی نائاگاییانە بە گوناهـ دڵەراوکێ (anxiety) و ئەزموونی ماتەمینی (mourning). سەرباری ئەوەش، لە 1923دا، کاتێک فرۆید دەروون بەسەر ئیگۆ و ئید و سوپەرئیگۆدا دەبەشدەکات، ـــ واتە «مۆدێلی تۆپۆگرافی دووەم»، تیۆرییەکی نوێی پاڵنەرەکان بەگەڕەدەخات، کە «مۆدێلی تۆپۆگرافی یەکەم»، واتە دابەشکاری نائاگایی و پێش-ئاگایی و ئاگایی کاملدەکات. هەر لەو کاتەوە (لە دوای 1920) کە ئایدیا تازەکانی فرۆید لەلایەن بەشێکی زۆری دەروونشیکارانەوە پەسندکرا، بوونی هەردوو گرووپی غەریزەکان هەتا ئێستاش بە یەکێک لە مشتومڕترین پرسەکانی داهێنانەکەی وی ماوەتەوە.

## **<u>بایۆگرافیا و دیرۆک</u>**

### سێبەری مەرگ بەدەوری فرۆیدەوە

فرۆید لە (16) حوزەیرانی (1920)دا ڕاپۆرتی «لەودیو پرەنسیپی چێژەوە»ی لە دانیشتنی کۆمەڵگەی ڤێنا پێشکەش دەکات و لە کانوونی یەکەم وەکو پەرتووک بڵاویدەکاتەوە. تایبەتمەندی مەزەندەی تیۆریی ئەم دەقە ئاڵۆزە و هەروەها ئەو گومانانەی کە خودی فرۆید دەریدەبڕین لە دروستی ئەنجامە مەزەندەییەکانی بیرۆکەکاندا بوونە هۆی ئەوەی کە گریمانەکانی وی بە ڕەتکردنەوەیەکی مەزن پێشوازیان لێ بکرێت. بەم شێوەیە، بۆ ئەو کەسانەی کە ئاڵەنگاری ئەم بیردۆزانەیان دەکرد، لە هەموو شت ئاسانتر بوو وان بە گوزارشتی ترسی فرۆید لە مەرگ دابنێن؛ ڕێک ئەمە بۆچوونی پزیشکە تایبەتییەکەی وی، ماکس شور (1972) بوو.

لەو ماوەیەدا کاولکاری و ماڵوێرانی جەنگی جیهانی یەکەم و لەدەستدانی کەسە نزیکەکان و مەرگ لە هەموو لایەکەوە باندۆری مەزنیان لەسەر بیرکردنەوەی فرۆید هەبوو. فرۆید ساڵی 1919 هەواڵی خۆکوژی دەروونشیکار ڤیکتۆر تاوسک دەبیستێت کە زۆر بێباکانە ئەنجامی دابوو (Gay، 1988 ). پاشان فرۆید زۆر نیگەران بوو

کاتێک "ئانتۆن فۆن فرۆید" دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بوو، و ڕۆژانە لە کاتی نەخۆشییەکەدا سەردانی ئەم زاستخوازە هەنگارییەی دەکرد. هەروەها ساڵی 1920 بووبە ساڵی مەرگی کچەکەی خۆی ـ سۆفیا ـ بەهۆی ئەنفلۆنزای ئیسپانی، کە هاوکات دووگیان بوو بە منداڵی سێیەم. بەڵام لەناو پەژارە و کوێرەوەرییەکانی دیکەی ئەو دەمەدا پێویستە تێبینیی بیرکردنەوەی فرۆید بکەین دەربارەی مەرگی خۆی. فرۆید بە بنەماگرتنی (ئەفسانەی) دووبارەکردنەوەی ژمارە 62 لە ماوەی ژیانی خۆیدا، هەندێ کات باوەڕی وابوو لە ساڵانی 1918 یان 1919 دەمرێت کاتێک تەمەنی دەگاتە 62 ساڵ.

## تیۆری دووەمی پاڵنەرەکان: دڵنیایی فرۆید گەشە دەکات

هەرچەندە سێبەری مەرگ لە ماوەی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا کەمێک لە دەوروبەری فرۆیدەوە دوورکەوتبووەوە، لێ لەوە دەچێت، هەر ئەمە بووبێت بە هاندەری گەشەی بیرکردنەوە و دواجاریش بەگەڕخستنی گریمانە زانایییەکانی وی. لە ڕاستیدا، فرۆید هەرچەندە لە ساڵی (1920)دا دوودڵ دەبێت، لێ هەتا کۆتای ژیانی بەردەوام دەبێت لە جەختکردنەوە لەسەر پێویستی پەسەندکردنی ململانێی نێوان غەریزەی ژیان و غەریزەی مەرگ [پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ]. بەڵام فرۆید بەتووندی تۆمەتی هەموو ئەو کەسانەی ڕەتدەکردەوە کە ئارەزوویان دەکرد هۆکارێک بۆ دەسپێکی چەمکەکەی وی دەربارەی غەریزەی مەرگ لە گرینگیدان بە مەرگ و ڕوداوە تراژیدییەکانی ئەو دەمەدا، بەتایبەتی لە مەرگی سۆفیادا ببینن. فرۆید وەکو دەروونشیکار بە ڕەوای دەزانی ڕاڤەی ئەمە بکات، بەڵام ئەوەی ڕەتدەکردەوە کە ئەم بابەتە بە حاڵەتی تایبەتی خۆیەوە گرێدراو بێت. بۆ نموونە، بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم قسانە ڕەتبکاتەوە، داوای لە ماکس ئێیتینگۆن کرد ئەوە دووپات بکاتەوە کە نیوەی کارەکەی وی [فرۆید] لە ساڵی (1919)دا تەواوبووە، واتە ساڵێک پێش مەرگی سۆفیا.

**<u>خوێندنەوەی دەقەکە</u>**

- پرەنسیپی چێژ و سنورەکانی

فرۆید ئەو هۆکارانە بەبیردەهێنێتەوە کە زۆریان لێکردووە ئاوڕ لە ئایدیای پرەنسیپی چێژ/ناچێژ بداتەوە، کە پێشتر بەتایبەتی لە کارەکانی لەسەر مێتاسایکۆلۆژیا (1915) گەشەی پێدابوو. بۆ نموونە، کاتێک تێبینی پرۆسەکانی هاوشێوەی برسێتی و ئارەزووی سێکسیی دەکەین، دەتوانین بگەین بەو ئەنجامەی کە لە دەرووندا زنجیرەیەکی بەردەوامی گرژیەکان (تەنگەژەکان) سەرهەڵدەدات کە بەدوایانەوە خاڵیکردنەوە (discharge) دێت؛ زۆربوونی تەنگەژە هاوەڵی ناخۆشی دەکات و خاڵیکردنەوەش هاوەڵی چێژ. کەوابوو ئێمە پاساوێکمان هەیە پرۆسە دەروونییەکان لە زاراوەکانی گۆڕانی بڕی وزەدا وەسفبکەین و بتوانین گریمانەی ئەوە بکەین کە لە ناوەوەی دەرووندا پرەنسیپێک هەیە گۆڕانەکانی گرژی (تەنگەژە) ڕێکدەخات، ـــ پرەنسیپێک، کە فرۆید ناوی پرەنسیپی چێژ لێنا. کۆتا ئامانجی ئەم پرەنسیپەش بریتییە لە «دوورکەوتنەوە لە ناخۆشی و وەرگرتنی چێژ».[1] ئەوەشی پەیوەندی بە مەیل بۆ سەقامگیرییەوە هەیە کە لە پرۆسە دەروونییەکاندا باڵادەستە، ئەوا لە پرەنسیپێکی دیکەوە، «پرەنسیپی سەقامگیری»یەوە سەرهەڵدەدات، کە ئامانجەکەی بریتییە لە هێشتنەوەی بڕی ورووژان لە نزمترین ئاستدا لە دەرووندا (هەمان، ل. ٤١ـــ٤٢).

بەڵام ئایا سەرجەمی پرۆسە دەروونییەکان لەژێر دەسەڵاتی پرەنسیپی چێژدایە؟ فرۆید بە "نەخێر" بەرسڤ دەداتەوە. ئەو جەختدەکات، ئەگەر ئەمە وا بووایە، ئەوا دەبوو بەشی زۆری پرۆسە دەروونییەکان هاوەڵی چێژ بوونایە، لێ ئەزموون شتێکی دیکەمان پیشاندەدات: «ئەو شتەی دەتوانین بیڵێین، ئەوەیە کە لە دەرووندا مەیلێکی بەهێز بەرەو لای پرەنسیپی چێژ هەیە، بەڵام کۆمەڵێک هێز یان کۆمەڵێک دۆخی دیکە هەن دژی ئەم مەیلەن، بۆیە ئەنجامی کۆتایی هەمیشە ناتوانێت کۆک بێت لەگەڵ مەیلی ڕووەو چێژدا» (ل. ٤٢). کەواتە کامانەن ئەو هێزانەی وا دژی تێربوونی غەریزەکان دەوەستنەوە؟ فرۆید دەبێژێت، دوو هێزن. یەکەم بریتییە لە پرەنسیپی واقیع، کە داوای دواخستنی تێربوون و بەشێوەیەکی کاتیش بەرگەگرتنی ناخۆشی دەکات «وەکو هەنگاوێک بە ئاراستەی ڕێیەکی دوورودرێژی ناڕاستەخۆدا کە بە چێژ کۆتاییدێت» (ل. ٤٤). لە شوێنی دووەمدا ئیگۆ (من) وەستاوە، کە بە هەمان شێوە دەتوانێت دژی چێژ بووەستێتەوە، چونکە دەتوانێت لە ڕەوتی گەشەی پاڵنەرە ناوەکییەکاندا ئەزموونی ناخۆشی بکات، کە هەندێک لەوانە لەگەڵ ئیگۆدا ناسازێن؛ بۆ نموونە، ناخۆشییە نیورۆسییەکان (عوسابی)، واتە «ئەو چێژانەی وا بەگشتی هەستیان پێناکرێت» (ل. ٤٥). لێ لە هەردوو حاڵەتەکەدا هۆکاری ناخۆشی [ژان] بریتییە لە درکردن (perception) بەو فشارە [ڕەمەکی]یە ناوەکییە یان دەرەکییە ئازاردەرانەی کە هەستی "مەترسی" بێداردەکەنەوە. کەوابوو، کاتێک دەزگای دەروونی بە ڕێکوپێکی بەرامبەر درکردنی مەترسییەکی

1. زیگموند فرۆید، لەودیو پرەنسیپی چێژەوە. وەرگێرانی وەلید عومەر، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠٢١، ل. ٣٧.

ناوەکی و دەرەکی کاردانەوە دەنوێنێت، ئەوا بە مانایەک لە ماناکان لە یەک کاتدا ملکەچی پرەنسیپی چێژ و پرەنسیپی واقیعی دەبێت. لێ ئەو حاڵەتانەش ڕوودەدەن کە تێیاندا پرەنسیپی چێژ ناتوانێت بەتەواوەتی زاڵبێت: ئەمانە بە حاڵەتە تراوماییەکان ناودەبرێن کە فرۆید لە بەشی دواتردا باسیاندەکات.

- **نیرۆسی تراوماویی و گەمەی منالآنە: دوو سەرچاوەی دووبارەکردنەوە**

فرۆید دواتر باسی دوو حاڵەت دەکات، کە تێیاندا دووبارەبوونەوە (repetition) بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ئەزموونی ئازارچەشتن بکرێت. یەکەم بریتییە لە نیورۆس (عوساب)ی تراومایی ( *traumatic neurosis*). ئەم تراومایە لە ئەنجام شۆکێکەوە [یان ڕوداوێکی لەناکاوەوە] دێت کە ژیانی کەسەکە دەخاتە مەترسییەوە؛ بەجۆرێک لە دڵەڕاوکێ، سیمپتۆمە هەمەچەشنەکان و دووبارەکردنەوەی خەونەکاندا دەردەکەوێت. بە کردەیی خەونەکانی ئەم نەخۆشانە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییەن کە بەردەوام حاڵەتێکی تراومایی بەرهەمدەهێننەوە، کە پێچەوانەی ئەو تیۆرییە کلاسیکییەیە کە وایدادەنێت خەون بەدیهێنانی ئارەزووە: «کارکردی خەون <...> لەم حاڵەتەدا ئاوەژووبووەتەوە و لە ئامانجەکانی خۆی لایداوە» (ل. ٥١).

حاڵەتی دووەم، کە تێیدا دەتوانین تێبینی دیاردەی دووبارەبوونەوە بکەین، ــــ خۆی لە گەمەی منالآنەدا دەبینێتەوە. فرۆید تێبینی کچەزا یەکساڵونیوەکەی خۆی دەکرد کە زۆر بە دایکییەوە پەیوەست بوو، گەرچی ئەو دەمانەی دایکی جێیدەهێشت، هەرگیز نەدەگریا. فرۆید تەماشایکرد، منداڵەکە فێری یاریکردنێک بووە: بەکرەییەکی دارینەی پێ بوو و دەزوویەکی پێوە بەستبوو، دەزووەکە دەگرتە دەستیەوە و بەکرەکەی فڕێدەدا بۆ قەراخی تەختە خەوەکە، بەجۆرێک کە دیارنەدەما و دیسان بەکرەکەی ڕادەکێشایەوە بۆ لای خۆی. کوڕە بچکۆلەکە بەبێ ماندووبوون ئەم گەمەیەی دووبارەدەکردەوە. فرۆید پێی وابوو واتای ئەم گەمەیە گوزارشتە لە دیارنەمان و دیسانەوە دەرکەوتنەوەی دایکەکە، کە ئەم یارییە جێی نارەزایی منداڵەکەی گرتۆتەوە: «ئەو بەهۆی نمایشەدرامی‌یەکەی خۆیەوە لە فۆرمی "ونبوون و گەڕانەوە"ی بابەتەکان و بەدەستهێنانەوەی سەرلەنوێدا، خۆی قەرەبوودەکردەوە» (ل. ٥٤). فرۆید تێگەیشت کە ئەم دووبارەبوونەوەیە هەندێ ئاکام بەدوای خۆیاندا دێنێت: لە لایەکەوە، ڕێ بە منداڵەکە دەدات ئەزموونە پاسیڤ (چالاک)ـە بەرگەنەگیراوەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ کردەیەکی ئەکتیڤ (چالاک)؛ لە لایەکی دیکەشەوە، منداڵەکە بە فڕێدانی شتەکە بۆ دوور لە خۆی دەیتوانی ئەنگێزە سەرتکووتکراوەکەی تێربکات، واتە تۆڵە لە دایکی بکاتەوە کە جێیهێشتووە. فرۆید لەم تێبینیکردنەوە گەیشتە ئەنجامێکی گشتی و ڕایگەیاند کە دەتوانین

گەمەی منداڵان وەکو بەرهەمهێنانەوەی ئەو ئەزموونە دووبارەبووە دابنێین کە لە ژیانی واقیعیدا باندۆرێکی مەزنی سۆزەکیان لەسەر وان داناوە و بەم جۆرەیەش منداڵان هەوڵدەدەن بەسەر دۆخەکەدا زاڵبن. لەم ڕوانگەیەوە، نموونەی گەمەی بەکرەکە ئەوەمان پێشان دەدات کە دووبارەبوونەوە دەتوانێت پەلبکێشێت بۆ خۆخەریکردن و بە هەمان شێوە ملکەچی پرەنسیپی چێژ بێت: «تەنانەت لەژێر دەسەڵاتی پرەنسیپی چێژیشدا، هەمیشە کۆمەڵێک ڕێوجێ و کەرەستەی پێویست هەن بۆ ئەوەی ئەو شتانەی لە خودی خۆیاندا ناخۆشن، بگۆڕدرێن بۆ بابەتێک کە بکرێت بیربهێنرێتەوە و دەروونی خۆتی پێوە خەریکبکەیت» (ل. ٥٨).

- **دووبارەکردنەوەی ناچاری و گواستنەوە**

فرۆید لێکۆڵینەوە لە چارەنووسی ئەو شتە دەکات کە لە گواستنەوەی (transference) دەروونشیکاریدا دووبارەدەبێتەوە. ئەو پێشانیدەدات کە گواستنەوە گوزاشت لە بەرهەمهێنانەوەی بەشە چەپێنراوەکانی ڕابردووی منداڵانە دەکات و ئەو شتەش کە بەم شێوەیە دووبارەدەبێتەوە، دەبێت خۆخەریکردن (درێژەدان) بێت، ـــ هەر وەک لە کارەکەیدا (Remembering, Repeating and Working-Through) (1914) باسی کردووە. هاوکات ئەوەش ڕوودەدات کە لای هەندێک لە نەخۆشەکان پرۆسەی خۆخەریکبوون بەتەواوی شکست دێنیت، هەر بۆیە دووبارەبوونەوەی ئاسایی دەبێت بە دووبارەکردنەوەیەکی ناچاری ـــ ئەمەش قورسترین حاڵەتە کە دەتوانێت ببێت بە هەڕەشەیەک لەسەر چارەسەری. فرۆید پێیوانییە کە ئەو بەرهەڵستییانەی (resistance) وا دووبارەکردنەوەی ناچاری دروست دەکەن، لە ململانێی نێوان ئاگایی و نائاگاییەوە سەرچاوەبگرن، واتە کاتێک نائاگایی مەیلی لێیە لە ئاگاییدا خاڵیبێتەوە ـــ دەتوانین ئەمە بەوە ڕوون بکەینەوە کاتێک جەخت لەسەر مۆدێلی کلاسیکی نیورۆسیس دەکەین لە ماوەکانی مۆدێلی تۆپۆگرافی یەکەمدا. دووبارەکردنەوەی ناچاری زیاتر لە ململانێی نێوان «ئیگۆی یەکانگیر و چەپێنراو»ەوە (ل. ٦٤) سەرچاوەدەگرێت؛ ململانێییەک، کە وەک فرۆید دەبێژێت، گوزارشت لە دەرکەوتەی نائاگایی چەپێنراو دەکات.

کەواتە لەم حاڵەتەدا کامەیە پەیوەندی نێوان دووبارەکردنەوەی ناچاری و پرەنسیپی چێژ؟ بە تێبینیکردنی ئەم تایپەی پەیوەندی دەگەین بەوەی، کە ئەزموونی ڕابردوو، کاتێک وەکو دووبارەکردنەوەی ناچاری دەگەڕێتەوە، هیچ ئەگەرێکی چێژ نە لە دەروونشیکاری‌دا، نە لە ژیانی ڕۆژانەدا هەڵناگرێت. لە ماوەی چارەسەری دەروونشیکارییانەدا ئەو نەخۆشانەی کە کەتوونەتە ژێر باری دووبارەکردنەوەی ناچارییەوە، سەرسەختانە ئەم حاڵەتانەی ناخۆشی لە

گواستنەوەدا بەرهەمدەهێننەوە و «هەموو دۆخە نەخوازراوەکان و هەموو حاڵەتە سۆزەکییە ناخۆشەکان زیندوودەکەنەوە. ئەوان دەیانەوێت هەرچۆنێک بێت پرۆسەی چارەسەرەکە بپچڕێنن کە هێشتا تەواونەبووە؛ جارێکی دیکە هەوڵدەدەنەوە هەست بە سوکایەتی بکەنەوە تاکو پزیشکەکە ناچاربکەن بە قسە زبر و ڕەفتاری سارد لەگەڵیاندا بجووڵێتەوە...» (ل. ٦٧). لە هاوشێوەی ئەمەشدا لە ژیانی هەندێک خەڵکدا ڕووبەڕووی ئەو دیاردانەی دووبارەکردنەوەی ناچاری دەبینەوە کە لای کەسانی عوسابی (نیورۆتیک) لە گواستنەوەدا دەردەکەون، هەر بۆیە ئەو هەڵێنجانەی لە ژیانی ئەو خەڵکەوە بەدەستدێت، «ئەوەیە گوایە چارەنووسێکی شوومیان هەیە یان هێزێکی ئەهریمەنی دەستی لێ وەشاندوون» ل. ٦٨). لە نیگای یەکەمدا وادیارە کە مرۆڤەکە بەشێوەیەکی ناچالاک (پاسیڤ) ئەزموونی ئەم گەڕانەوە هەمیشەییەی هەمان شتە دەکات، لێ دەروونشیکاری ئەوەمان پێشاندەدات، کە بە کردەیی قسەکە دەربارەی ڕەفتارێکی چالاکانە (پاسیڤ)ی، هەرچەندە نائاگاییانەشی، ئەم کەسەیە.

فرۆید لە تەواوکردنی ئەم باسەدا ئەوە دیاریدەکات کە: هەم دیاردەی گواستنەوە و هەم ژی چارەنووسی مرۆیی ئەوەمان پێشاندەدەن «کە لە ژیانی دەروونییدا بە کردەیی دووبارەکردنەوەیەکی ناچاری هەیە کە هیچ باکێکی بە پرەنسیپی چێژ نییە» (ل. ٧١). لێرەوە دەتوانین خەونە دووبارەبووەکان لە کاتی نیرۆسی تراوماییدا و پاڵنەری منداڵەکەش بۆ گەمەکردن بەم ناچاریبوونەوە ببەستینەوە. فرۆید ئەوە ڕووندەکاتەوە کە لەو دەرکەوتانەدا وا هاوەڵی ئەم دیاردانە دەکەن، پرەنسیپی چێژ و دووبارەکردنەوەی ناچاری شان بە شان هاوهەبوونی یەکترین: لێ پشکی پرەنسیپی چێژ ئاسانتر لە دووبارەکردنەوەی ناچاری تێبینی دەکەین، چونکە بە دەگمەن دەتوانین کاریگەری دووەمیان لە شێوەیەکی پەتیدا بەدیبکەین. سەرباری ئەوەش کاریگەری پرەنسیپی چێژ بەس نیە بۆ ئەوەی ئەم دیاردانە ڕوونبکەینەوە، چونکە کاتێک لە نزیکەوە سەیری دەکەین، «بابەتی دیکەی زۆر ماوە، کە ڕووننەکراوەتەوە و نەخراوەتە خزمەت پاساودانەوەی گریمانەی ئەو دووبارەکردنەوە ناچارییەی کە وادیارە سەرەتاییتر، بنچینەییتر و غەریزیترە لە پرەنسیپی چێژ کە دووبارەکردنەوەی ناچاری پشتگوێی دەخات» (ل. ٧٢).

- **ڕۆڵی بەرگری لەهەمبەر وورووژان: کۆنترۆڵ بەسەر کاریگەرییە تروماییەکاندا**

پاشان فرۆید باسی کارکردی «بەرگری لەهەمبەر وورووژان» دەکات: ئەم کارکردە پێکدێت لەوەی کە دەروون لە وورووژانی ڕادەبەدەری سەرچاوەی ناوەکی و دەرەکی بپارێزێت، ـــ بۆ ئەوەی دەروون لە مەترسی کاریگەری تراومایی دووربخاتەوە.

بەم شێوەیە، کارکردی بەرگری لەهەمبەر ورووژان پێکدێت لەوەی کە دەروون لە وزەی دەرەکی و ناوەکی تێکشکێنەر بپارێزێت و گۆڕانی ئەم وزەیە مسۆگەربکات. ئۆرگانەکانی هەستەکان درک بە ورووژانە دەرەکییەکان دەکەن و بۆ ئەمەش هێندە بەسە هەندێ نمونەی بچووک لە دنیای دەرەوەڕا وەرگرێت و هەندێ بڕی کەمیان لێتاقیکاتەوە؛ توێکڵی سەرەوەی مێشک بەشداری لە درووستکردنی سیستەمی ئاگاییدا دەکات. لێ ئەم سیستەمە ورووژانەکانی سەرچاوەی ناوەکییش وەردەگرێت، کە لەهەمبەر واندا قەڵغانێک [بەرگرییەک]ی هاوشێوەی ئەوەی نییە کە دژ بە ورووژێنەری دەرەکی کاردەکات. بەم شێوەیە، ورووژێنەرە ناوکییەکان بانگهێشت ناکرێن، بۆیە ئەوان ڕاستەوخۆ دێنە ئەم سیستەمە و پێوەرێکی گشتی هەستەکانی چێژ/ناخۆشی دەخولقێنن. ورووژێنەرە ناوەکییەکان لە ئامانجەکانی بەرگریدا بەو شێوەیە دردەکرێن وەکبڵێی لە دەرەوەڕا کاردەکەن ـــ ئەمەش کاریگەری بەرگری دەرهاوێژی (projection)یە.

ئەم تێبینییە سەرەتاییانە پێویستن بۆ ئەوەی تێبگەین، کە ئەو ورووژێنەرەی وا گوزارشت لە کاریگەری تراومایی دەکات، ـــ وروژێنەرێکە، درز دەخاتە سیستەمی بەرگری و کاری هەموو ئۆرگانیزم تێکدەشکێنێت. هەربۆیە لێرەدا پرەنسیپی چێژ ڕەچاوناکرێت و پرسێکی دیکە دێتەکایەوە: «کاتێک ئەستەمە لەهەمبەر لێشاوە زۆرەکانی ورووژان بەرگری لە دەزگای دەروونی بکرێت، پرسێکی دیکە دێتەکایەوە: پرسی جڵەوکردنی بڕی ئەو ورووژێنەرانەی کە دزەیانکردووتە ناوەوە و کۆتکردن و سنورداركردنیشیان لە ڕووی دەروونییەوە، بەجۆرێک کە بتوانێت لەدەستیان ڕزگاربێت» (ل. ٨٤). لە دەوروبەری ئەم «درز»ەدا، وەکو ئەوەی لە کاتی ئازاری جەستەییدا ڕوودەدات، لە هەموو لایەکەوە خەرجەوزە [بارگەوزە]ی دەروونی کۆدەبێتەوە: سەرڕێژی وزە دەگۆڕێت بۆ «بارگەوزەیەکی نەجووڵاو (یان مت)»، کە دەتوانێت ئەم ورووژانە جڵەوبکات، «واتە "کۆتکردن"ی وی لە ڕووی دەروونییەوە» (ل. ٨٥).

بەم شێوەیە، نیورۆسی تراومایی بریتییە لە ئەنجامی درز [قڵیش]ێکی فراوانی بەرگرییەکە لەهەمبەر ورووژێنەردا، و هۆکاری تراوماش نەک بۆ هێزێکی میکانیکی شۆک بەڵکو بۆ «هەستی تۆقین و هەڕەشەی سەر ژیان» دەگەڕێتەوە. ئەمە وا لە فرۆید دەکات کۆنسێپتێکی نوێی دڵەڕاوکێ بەگەڕبخات کە دواتر بە فراوانی گەشەی پێدەدات. لەگەڵ دەستپێکی ساڵی (1920)دا فرۆید ئەوە دەسەلمێنێت کە لە حاڵەتی تراومادا ئامادەباشی دڵەڕاوکێ لەکارکردن دەکەوێت، و وایدادەنێت سەرهەڵدانی تراوما پشت بە دۆخی ئامادەیی سیستەمەکە دەبەستێت، بەوەی تاچەندە ئەم

سیستەمە ئامادەی دەرکەوتنی دڵەڕاوکێیە. فرۆید لێرەدا جیکاریەک دەخاتە نێوان دڵەڕاوکێی ئۆتۆماتیکی و دڵەڕاوکێ-ئاماژەوە، کە دواتر لە کارەکەی خۆی «خۆگرتنەوە، سیمپتۆم و دڵەڕاوکێ»[2]دا کامڵی دەکات.

سەبارەت بە باسی دووبارەکردنەوەی ناچاری و پەیوەندییەکەی لەگەڵ پرەنسیپی چێژدا، خەونە تراومایيە دووبارەبووەکان هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی گەڕاوە [پاشوەخت] بەسەر وورووژێنەردا زاڵ بن؛ ئەم کارکردە بە بەراورد لەگەڵ گەڕان بەدوای چێژدا یان مەیلی دوورکەوتنەوە لە ناخۆشی، سەرەتاییترە. بە واتایەکی دیکە، ئەم خەونانە ناچنە ناو چوارچێوەی ئەو تیۆرییە کلاسیکییەی کە وایدادەنێت خەون بەدیهێنانی ئارەزووە [ئەم خەونانە لەم تیۆرییەوە ئاوارتەن]، چونکە کاتێک خەونە تراومایيەکان بیرەوەری تراوما دەروونییەکانی سەردەمی منداڵی دەگەڕێننەوە، زیاتر لە پرەنسیپی چێژ ملکەچی دووبارەکردنەوەی ناچاری دەبن، تەنانەت ئەگەر وایشدابنێین، ئەو ئارەزووە بەدیدەهێنن کە لەبیرکراوەکە یان چەپێنراوەکەی بیردەهێنێتەوە: «ئەگەر شتێک "لەودیو پرەنسیپی چێژ"ەوە هەبێت، ئەوا ئەم شتە ئەوکات لۆژیکییانە دەردەکەوێت کە قبوڵیکەین زەمەنێکیش هەبووە ئامانجی خەونەکان بەدیهاتنی ئارەزوو نەبووە» (ل. ٩٠).

- **«ئامانجی هەموو ژیان بریتییە لە مەرگ»**

بەڵام ئەو قەڵغانە [بەرگریە]ی، کە دەروون لەهەمبەر وورووژێنەری دەرەکی دەپارێزێت، ناتوانێت بە هەمان شێوە دەروون لەهەمبەر وورووژانی سەرچاوە [ڕیشە]ی ناوەکی بپارێزێت: هەر ڕێک لەبەر ئەمە وورووژێنەرە ناوەکی و دەرەکییەکان ئاکامێکی لێکچوویان هەیە: «وورووژێنەرە ناوەکییەکان زۆرجار دەبنەهۆی شڵەژانە ئابورییەکان کە قابیلی بەراوردن بە عوسابی تراومایی» (ل. ٩٣). بەڵام، کامانەن سەرچاوەکانی وورووژێنەری ناوەکی؟ دەبێت قسەکەمان هەر دەربارەی "هاندەرەکان" [پاڵنەرەکان] بێت کە لە ناوەوەی جەستەوە سەرهەڵدەدەن: ئەگەر ئەستەم بێت لە ڕووی دەروونییەوە کۆتبکرێن، ئەوا ئەو زیانانە بەرهەمدەهێننەوە کە قابیلی بەراوردن بەو شتانەی کە لە دەزگای دەروونی‌دا دەبنەهۆی وورووژانی ناوەکی لە عوسابی تراوماویی‌دا. لێرەشدا بە هەمان شێوەی وورووژێنەری دەرەکی، پرسی یەکەمی دەزگای دەروونی ئەوەیە کە وورووژێنەری ناوەکی جڵەوبکات و کۆتوبەندی بکات؛ ئەم پرسە لە دووبارەکردنەوەی ناچاریدا دەردەکەوێت، و تەنێ لە دوای ئەمەوە پرەنسیپی چێژ دەتوانێت بەشداریەکی چالاکی هەبێت. بەڵام ئەوەش ڕوودەدات، کە لە پرۆسەی کاری دەروونشیکارانەدا ئەو دووبارەکردنەوە ناچارییەی

[2] Freud S. (1926d [1925]), Inhibitation, symptôme et angoisse, trad. M. Tort, Paris, PUF, 1951, 1968.

وا بە پێچەوانەی پرەنسیپی چێژەوە کاردەکات، بەکردەیی خەسڵەتێکی ئەهریمەنی وەردەگرێت؛ لە ئەنجامی ئەمەدا ئەو ئەزموونە مناڵییە چەپێنراوەی وا لە گواستنەوەدا دووبارەدەبێتەوە، ناتوانرێت لە ڕووی دەروونییەوە بە پرەنسیپی چێژەوە کۆتبکرێت [ببەسترێتەوە]: «تەنانەت بە مانایەک لە ماناکانیش ناتوانێت بگاتە پرۆسەی دووەم» (ل. ٩٧).

فرۆید بە تێبینیکردنی ئەوەی کە غەریزەکان لەژێر باندۆری دووبارەکردنەوەی ناچاریدا دەتوانن شکست بە چارەسەری دەروونیی تاکەکەس بێنن، گریمانەیەکی گشتی دەربارەی سروشتی حەقیقەتی غەریزەکان [پاڵنەرەکان] پێشخست. بەپێی ئەم گریمانەیەش ئامانجی غەریزەکان بریتییە لە گەڕانەوەی دۆخی سەرەتایی، واتە ئەو دۆخە نائۆرگانییەی کە پێش ژیان دەکەوێت: «وادیارە پاڵنەر [غەریزە] مەیلێکی تۆپزی بێت کە لە هەناوی ژیانی ئۆرگانیدا نوستووە تا شتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی سەرەتایی، دۆخێک کە بوونەوەری زیندوو ناچارە لەژێر فشاری هێزە دەرەکییەکاندا وازی لێبێنێت؛ واتە پاڵنەر بریتییە لە جۆرە کێشهاتنەوەیەکی ئۆرگانی، یاخود ـــ بە دەربڕینێکی دیکە بیڵێین ـــ دەرکەوتنی سرەوتێکە لە هەناوی ژیانی ئۆرگانیدا» (ل. ٩٨).

بە بۆچوونی فرۆید پاڵنەرە ئۆرگانییەکان خەسڵەتێکی کۆنەپارێزیان هەیە و مەیلی ئەوە دەکەن دۆخی پێشووتر بگەڕێننەوە، بەم شێوەیەش گەشە و پێشڤەچوونی ئۆرگانیزم لە ئەنجامی کاریگەری دەرەوەدا تەنێ پاڵنەرەکان لە ئامانجە کۆتاییەکەیان دووردەخەنەوە. بە گوزارشتێکی دیکە، بۆ فرۆید ئەم «ئامانجە دێرینە» هیچ نیە جگە لە گەڕانەوە بۆ خاڵی دەرچوون: «[ئەم ئامانجە]، دۆخێکی سەرەتاییە کە ئەم بوونەوەرە زیندووەی لێوە هاتووە و لە تەقەلایدایە [مەیلی لێیە] بەو کوێرەڕێ پێچەڵپێچانەدا بۆی بگەڕێتەوە کە گەشەی پیا کردووە» (ل. ١٠١). کەوابوو: «گەر بێتو ئەمە وەکو حەقیقەتێک وێنابکەین کە ئاوارتە و بێنەوبەردە هەڵناگرێت، مەبەستم ئەوەیە هەر شتێکی زیندوو لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری ناوەکی دەمرێت و دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی نائۆرگانی، ئەوا ئەوکات ناچاردەبین بڵێین: ئامانجی هەموو ژیان بریتییە لە مەرگ، یان بە نیگایەکی ڕووەو دوا دەتوانین بڵێین: ئەوە شتانی بێگیان بوون بەر لە بوونەوەرە زیندووەکان هەبوون» (ل. ١٠١ــ٢). بەم شێوەیە، دیسانەوە دەگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەکە، کە «ئەو ڕێڕەوە پێچەڵپێچانەی ڕووەو مەرگ کە پاڵنەرە کۆنەپارێزەکان بە وەفاوە دەیپارێزن، حاڵی حازر [ئەمڕۆکە] وێنەیەکمان لەمەڕ دیاردەکانی ژیان پێشکەشدەکەن» (ل. ١٠٣).

وەک دیارە توخمەخانەکان لەم پرۆسەیە دەخلیسکێن و دژی مەرگی مادەی زیندوو دەکەونەکار، لێ نەمری وان وەهمە و «هیچ نییە جگە لە درێژکردنەوەی ڕێڕەوی مەرگ» (ل. ١٠٥). بە بۆچوونی فرۆید ئەو پاڵنەرانەی کە پارێزگاری لە خانەکان دەکەن، پەیوەستی گرووپی غەریزە سێکسییەکان دەبن و پاڵنەری ژیان پێکدەهێنن. ئەوانە «دژی ئامانجی پاڵنەرەکانی دیکە دەجووڵێنەوە کە بەهۆی کارکردەکەیانەوە بە مەرگ کۆتاییاندێت؛ هەر ئەمەش

دەرخەری ئەوەیە بەرامبەرکێیەک لەنێوان ئەوان و پاڵنەرەکانی دیکەدا هەیە، بەرامبەرکێیەک کە دەمێکە تیۆری عوساب درکی بە گرنگییەکەیان کردووە» (ل. ١٠٦). ئەم ناکۆکییەی نێوان گرووپەکانی پاڵنەرەکان ئەوە دەخولقێنێت کە «وەکبڵێی ژیانی ئۆرگانیزمەکە بەهۆی کۆمەڵێک ترپەی پڕهەڵبەزودابەزەوە دەبزوێت» (ل. ١٠٦).

پاشان فرۆید پرسیارێک دەربارەی هەبوونی ئەگەری «پاڵنەری کامڵبوون» دەکات، کە لەلایەن هەندێک زاناوە پێشنیارکراوە، شتێک وەک ئەوەی مەیلێکی کۆڵنەدەرانەی بۆ پێشڤەچوون هەیە، لێ ئەم گریمانە ڕەددەکاتەوە و بە وەهمی دادەنێت، چونکە لەسەر ڕێچکەیەی بەرەو تێربوونێکی تەواوکۆ بەرهەڵستی قووتدەبێتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەم ڕۆڵە وابەستەی مەیلی ئیرۆسە «بۆ تێهەڵکێشکردنی بوونەوەرە ئۆرگانییەکان لە یەکەیەکی گەورەتردا»، بەم شێوەیە، پاڵنەری ژیان جێگەی ئەم «پاڵنەری کامڵبوون»ـە دەگرێتەوە (ل. ١١٠).

- **ئایا لە دوالیزمی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگدا هاوتەباییەک هەیە؟**

فرۆید بە بەردەوامبوون لە تێبینییەکانی خۆی، لە زانستی بایۆلۆژیای سەردەمەکەی خۆیدا بەدوای سەلماندنێکی مومکین یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو گریمانەیەدا دەگەڕێت کە وایدادەنێت: «هەموو بوونەوەرێک بە هۆکارە ناوەکییەکانەوە دەمرێت» (ل. ١١٧). ئەو لە بایۆلۆژیادا ئەرگومێنتێک نادۆزێتەوە کە ناکۆک بێت بە چەمکە دوالیستییەکەی ژیانی غەریزەکان [کە پێشنیاری کردووە]، لێ پەی بە هەندێک کاری زانستی دەبات کە گریمانەی هەبوونی دوو پرۆسەی ناکۆک دەکەن لە ئۆرگانیزمدا: «یەکێیان بنیاتنەر یان ڕاکێشەر لەپێناو چوونیەککردن [ئەسیمیلە]دا، ئەویتریشیان وێرانکەر یان ناچوونیەککەر» (ل. ١٢٢). فرۆید ئەوە بیردەهێنێتەوە کە فەیلەسوف شوپنهاوەر گەشەی بەو ئایدیایە داوە کە «مەرگ ئەنجامێکی ڕاستەقینەی ژیانە» (ل. ١٢٣)، لە کاتێکدا پاڵنەری سێکسی بریتییە لە بەرجەستەبوونی ویستی ژیان.

فرۆید هەنگاوێک دەچێتە پێشەوە و گفتوگۆی ئەوە دەکات: ئایا دەکرێت دیاردە خانەییەکان و تیۆری لیبیدۆ پێکەوە بگونجێنین و وایدابنێین کە لە هەر خانەیەکدا پاڵنەرەکانی ژیان یان پاڵنەرە چالاکەکان کاریگەری غەریزەی مەرگ پووچەڵدەکەنەوە، لە کاتێکدا خانەکانی دیکە لەپێناو پاڵپشت و بەردەوامیدانی ژیان خۆیان بەختدەکەن. فرۆید بۆ ئەوەی بەرسڤی ئەم پرسیارە بداتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ تیۆرییەکەی خۆی دەربارەی پاڵنەرەکان و بەکورتی گەشەی قۆناغە بنەڕەتییەکانی ئەم تیۆریە ڕووندەکاتەوە (ل. ١٢٥). ئەو پێشانیدەدات کە کۆنسێپتە دوالیستییەکەی خۆی لە ناکۆکی نێوان پاڵنەرەکانی ئیگۆ و پاڵنەرە سێکسییەکانەوە دەستپێدەکات و لەمەشەوە بەرەنجامێک دەربارەی ناکۆکی غەریزەی ژیان و غەریزەی مەرگ بەردەست دەخات. فرۆید دەپرسێت،

ئایا ئێمە دەتوانین زیاتر بڕۆین و هاوتەریبیەک لە نێوان ناکۆکییەکانی پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ لە لایەکەوە، و ناکۆکییەکانی خۆشەویستی (سۆز) و ڕق (شەڕەنگێزی)دا لە لایەکی دیکەوە دابنێین؟ ئەو باسەکەی درێژدەکاتەوە بۆ ڕۆڵی سادیزم و مازۆخیزم، هەروەها بۆ ڕۆڵی پاڵنەرە سێکسییەکانی خۆ-پاراستن و دەگاتە ئەو بیرۆکەیەی، کە مازۆخیزم بریتییە لە غەریزەیەکی شەڕەنگێز و وێرانکەر کە دژی خودی ئیگۆ هەڵگەڕاوەتەوە ـــ دەتوانێت بۆ قۆناغێکی زۆر سەرەتایی بگەڕێتەوە، کە هەبوونی مازۆخیزمی سەرەتایی دەردەخات. گەر هاوشان لەگەڵ پرەنسیپی چێژدا، ژیانی دەروونی مەیلی بۆ کەمکردنەوەی تەنگەژە (گرژی) بێت و ملکەچی ئەو پرەنسیپە سەقامگیرییە بێت کە نزیکە لە «پرەنسیپی نیرڤانا»وە، ئەو کاتە، وەکو فرۆید دەبێژێت، «لەمەدا یەکێک لە بەهێزترین هۆیەکان بۆ بڕواهێنان بە هەبوونی غەریزەی مەرگ دەدۆزینەوە» (ل. ١٣٤). فرۆید گاڤ بە گاڤ ئەو بیرۆکەیە دووپات دەکاتەوە کە ئەستەمە پاڵنەری مەرگ لە پاڵنەری ژیان جیابکرێتەوە. هەرچەندە ئەم بەشە بەو دانپێدانە کۆتایی پێ دەهێنێت کە هێندە لەخۆبای نیە دڵنیا بێت لە دروستی ئەو گریمانانەی کە ئەو پەرەی پێدەدات، و هیوای لەسەر ئەوەیە کە بایۆلۆژیا لە داهاتوودا بەرسڤی ئەم پرسیارانە بداتەوە. لێ لە ماوەی دواتردا لە گریمانەکەی خۆیدا بەهێزتر دەردەکەوێت.

## ● پارەدۆکس: پرەنسیپی چێژ لە خزمەتی پاڵنەری مەرگدا

فرۆید لە دوا بەشی پەرتووکەکەدا هەوڵدەدات «پرسی پەیوەندیی پرۆسە غەریزەییەکانی دووبارەبوونەوە بە باڵادەستی پرەنسیپی چێژەوە چارەسەربکات» (ل. ١٤٣). ئەو لێرەدا ئەوە دووبارەدەکاتەوە، کە یەکێک لە کۆنترین و گرنگترین کارکردەکانی دەزگای دەروونی بریتییە لە «کۆتکردن»ی ئەنگێزە غەریزەییەکان بۆ ئەوەی پرۆسەی سەرەتاییەکان بە پرۆسە دووەمینەکان بگۆڕێتەوە و خەرجەوزە [بارگەوزە]ی بزۆکی ئازاد بگۆڕێت بۆ ئەو خەرجەوزەیەی کە لە بەشێکی زۆردا لە دۆخی متبووندایە. کەواتە لە میانەی ئەم گۆڕانانەدا کۆتکردن بریتییە لە کردەیەکی ئامادەخواز کە باڵادەستی پرەنسیپی چێژ دەگرێتەخۆی و جێگیریدەکات. هەرچەندە مەیل بۆ چێژ لە سەرەتای ژیانی دەروونیدا بەتینترە، لێ پرەنسیپی چێژ نە تەنێ بۆ پرۆسە سەرەتاییەکان دەگەڕێتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە لە پرۆسە دووەمەکانیشدا هەیە. لە کۆتاییدا فرۆید پێشانی دەدات کە ژیان لە زنجیرەیەکی بەردەوامی ئەو تەنگەژانەوە پێکدێت کە ئارامی تێکدەدەن، «لابردنی ئەمانە وەکو چێژ هەستی پێدەکرێت»، لە کاتێکدا غەریزەی مەرگ بەبێدەنگی کاری خۆی ئەنجامدەدات: «پاڵنەرەکانی ژیان زیاتر بەستراون بە درکە ناوەکییەکانمانەوە، کە وەکو تێکدەری ئارامییش دەردەکەون و بەردەوام کۆمەڵێک گرژی دێننەبوون کە لابردنیان

یەکسانە بە هەستی چێژ؛ لە کاتێکدا [بەپێچەوانەوە] پاڵنەرەکانی مەرگ کارەکەی خۆیان بە بێدەنگی ئەنجامدەدەن» (ل. ١٤٦).

**کۆتایی**

زانیاری: ئەم کارە یەکێکە لە خوێندنەوەکانی دەروونشیکاری سویسری "ژان-میشێل کینۆدۆز" بۆ کارەکانی فرۆید لە پەرتووکی: «خوێندنەوەی فرۆید: هەڵکۆڵینێکی کرۆنۆلۆژییانە بۆ بەرهەمەکانی فرۆید» (2004). ئۆ. یا. ژوراڤلێڤ ساڵی (2012) لە فەرەنسییەوە بۆ ڕووسی وەریگێڕاوە. ئێمە لەجیاتی سەرچاوەی ڕستە و پەرەگرافەکان کە نووسەر لە ناو ئەم خوێندنەوەدا بەکاریاندەهێنێت، بە باشمان زانی سوود لە پەرتووکەکەی فرۆید «لەودیو پرەنسیپی چێژەوە» بە کوردی وەرگرین، کە لە پەراوێزی (1)دا دانراوە، بەڵام نووسەر سوودی لە دەقی ناوبراو بە زمانی فەرەنسی وەرگرتووە.

سەرچاوە:

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе / Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 275 - 283